نووسینگەی سیستانی ڕۆژی سەرفیترەی بە هەر تاكێك بە 1500 دینار دیاری كرد

نووسینگەی مەرجەعی باڵای شیعەكانی عێراق ڕۆژی سەرفیترەی بە هەر تاكێك لێم مانگە پیرۆزی ڕەمەزاندا بە ئەمساڵ بە 1500 دینای عێراقی دیاری كرد، ئەمە لەكاتێكدایە كە لە هەرەمی كوردستان و هەروەها دیوانی وەقفی سوننیش بە ئەمسال سەرفیترە بە 3 هەزار دیناری دیاری كرابوو.

ئەمە سەشەممە نووسینگەی عەلی سیستانی مەرجەعی باڵای شیعەكان باڵاوی كردەوە: بڕی سەرفیترەی ئەمساڵ بە هەر تاكێك بریتییە لە 1500 دیناری عێراقی.

ئەمە لەكاتێكدایە كە لە سەرەتای مانگی ڕەمەزاندا دیوانی وەقفی سوننی عێراق ڕۆژی سەرفیترەی هەر تاكێكی بە 3 هەزار دیناری عێراقی دیاری كردبوو.

بەهەمانشێوە لیژنەی باڵای فەتوای هەرەمی كوردستان ڕۆژی سەرفیترەی بە ئەمساڵ بە 3 هەزار دینار دیاری كردبوو.